# کوردستان لەبن ڕەحمەتی تورکیا

موحسین جوامێر

وا تورکیای بەهێز وعیراقی بەڕیووت و بێدەسەلآت ڕێک کەوتن کە لە مەودوا تورکیا بتوانێ بێتە نێو خاکی کوردستانەوە، بۆ ڕاوەدوونانی ـ گوایە ـ تەرۆریستان؛ بە مەرجێ عیراقی هەلابەهەلابوو مۆلەت بدا.. هەڵبەت هاتنەناوەکەشی سنووردارە و نابێ بەردەوام بێت، کە ئەمەشیان تەنیا سوحبەتی نێوان دوو دراوسێیانە و چیتر. لەو نێوەشدا کورد، دەسەلآتی کوردی، سفری دەستی چەپن، تەنانەت بۆلانیی وەزیری ناوخۆی عیراق کە تا ئەوێ رۆژێ ناوی لە کوولەکەی تەرِیشدا نەبوو، پرسێکی بە هەڤاڵە کوردەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی بەغدا نەکرد کە داخولآ چی دەفەرموون.!

گرنگ ئەوە نییە لەمەولا ئایا تورکیا لە هێرش و پیلانەکانیدا، پرس بە عیراقی زەعیف دەکا و پەرلەمانی شەپرێوی بەغدا کە فارگۆنێک کوردیشی تێدایە، قایل دەبێ یان بەرپەرچی دەداتەوە.. بەڵکوو گرنگ ئەوەیە تورکیا ئێدی ــ بە پرسەخەسووانێ ـ دەستوور وەردەگرێت و کەی ئارەزووی کرد، دێ بۆ سەفا؛ کەیش ویستی دەگەڕێتەوە بۆ مەڕوا.. هەمووشی بەندە بە سیناریۆیەکی مەحکەم و بەرنامەبۆداڕێژراو بۆ بەرزەفتکردن و سڕکردنی داخوازییەکانی کورد، هەر لەوەی پێوەندیی بە قەوارەی کورد هەیە، تا جێبەجێکردنی ماددەی 140 و ـ ڕەنگە ـ هەتا دەستووری کوردستانیش.

ئێستە، پرسیار ئەوە نییە ئاخۆ نێوەڕۆکی ڕێکەوتنەکە چییە، کە هەر هەمووی دژی کوردە، بۆ بەرژەوەندیی تورک و نەیارەکانی سەرجەمی گەلی کوردستانە لە عیراق و ناوچەکەدا.. وەلێ پرسیار ئەوەیە، ئەرێ حکوومەت و دەسەلآتی کوردی لە هەولێر و بەغدا کە شەویان لەسەر ڕۆژ دانابوو بۆ بەرپاکردنی ئاشتی و سوڵح لەنێو لایەنە عیراقییەکانی ئەمرۆژانە وەزیر و وەفدێکیان لە ئەنقەرەیە، ئەم ماوەیەی عیراقی زەعیف و تورکیای بە توانا سەرقاڵ بوون بە ڕێکەوتن بۆ پیلان و دەستوەشاندنێکی دیکەی مێژوویی لە کورد، لە کوێ بوون و لەمەوپاشیش لە کوێ دەبن .؟

27/09/2007

mohsinjwamir@hotmail.com